

# شیعری چەپڵە و شیعری شیعار

**رۆژ هەڵەبجەیی**

قسەکردن لەژانری شیعر پێم وایە زۆری دەوێت...ژانری شیعر لەهەموو ژانرەکانی تر قوڵترو بەرزتر و گەورەترە...ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوە بۆمان دەردە کەوێت لەکۆندا شیعر ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە شیعرئەشێ بەچەند قوناغێکدا ڕۆشتبێ هەتا گەشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستا.... ئەشێت هەر قۆناغێکیش زەمەنێکی ویستبێ هەتا گەشتۆتە ئاستی کامڵ بوون ...چەند فاکتەرێکیش دەوریان هەبووە لە ڕێبازەکانی شیعر بەتایبەتی جەنك جەنك ئەوەندە کاریگەری هەبووە ڕێبازی دادای و عەبەسی و زاهری و لامەعقول سریالیست و ریاییزم ...هتد بەهەرحاڵ وەك ووتم شیعر هەر وەك تەکنەلۆژیا لەپێشکەوتندایە بەلام بەشێوەیەکی ئاسۆی نەك ستونی ئەشێ شیعری کوردیش کارای ئەم ڕێبازانەی بەسەرەوە بوبێ بەتایبەتی ڕەنگی داوەتەوە لە شیعری ڕۆمانسی و ریالیزم و بنیاتگەری هەرچەندە ئەو ڕەوتە شیعریانە درەنگ کەشتوونەتە ئێمە بەلام ئێمەش بێبەش نەبووین لە کارای ئەو ڕێبازانە....بەهەرحاڵ هەریەکێك لەشاعیرەکانمان لەچەند دەیەیەکدا خشتێکیان خستۆتە سەر دیواری ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ژانری شیعر... ئەگەر لەنالییەوە دەست پێبکەین ئەو توانی ڕەچەشکێنێك بکا وێنەو ئیستاتیکا بداتە چەمکی شیعرو شیعر بەکوردی بنووسێ...دوای نالیش گەلێکی تر هاتن یەکی خشتێکیان خستە سەر ئەو دیوارە وەك مەولەوی و کۆران و شێخ نوری شێخ ساڵەح هەتا گەشتنە ڕێبازی ڕوانکە و دوای ئەوانیش ڕەهەندییەکان و نەوەی دوای ڕاپەڕین...ئەوەی لەم باسەدا دەمەوێت تیشکی بخەمە سەر قەیرانی شیعری کوردییە کە شیعری کوردی ئەمڕۆ بەدەستییەوە دەناڵێنێ ...بەتایبەتی شیعری چەپڵە و شیعار کە بەهیچ شێوەیەك بنەماکانی شیعر بوونی تێدا نییە تەنها ووشەو ڕستە ڕیز دەکرێت و جەماوەرە تەمەڵەکەش دەست دەکەنە چەپڵە لێدان شاعیرەکەش شاگەشکە دەبێت و لە عهەموو شوێنێك شانازی پێوە دەکات کە جەماوەری زۆری هەبوەو چەپڵەیان بۆ لێداوە نازانێ ئەم شیعرە کە بەزمانی گفتووگۆ نووسراوە زەمەن کاڵی دەکاتەوەو مێژووش دەیخاتە زبڵخان ەی مێژووەوە....بەداخەوە تازە بەتازە شیعر دەجێتەوە بۆ زەمەنی پێش دەیەی حەفتاکان ووشەو ڕستە ڕیز کردن ئەو بەناو شاعیرانە هەر دەڵێی توتین ڕۆژ نییە شیعر نەنووسن کتێب لەدوای کتێب چاپ نەکەن ... بەهەر حاڵ باواز لە شیعری چەپڵە بێنین ... کە چەند شیعری کوردی دەناڵێنێ بەدەستییەوە...یەکێکی تر لەو قەیرانانەی شیعر شیعری بەناو شیعارە ...شیعری شیعار هیچی کەمتر نییە لەچەپڵە ئەمەیان خراپی خراپتر کە چەند شیعری کوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوەوە لەهەمووی سەیر ترلاوەکانی گیرۆدەی ئەم شیعری چەپڵە و شیعارانە دەبن..پێویست ناکا ناوی کەس بێنم کە چەند شیعری کوردی بەهۆی ئەمانەوە دواکەوت....شیعر وەك ئەدۆنیس دەڵێ: بەئاقاری نادیاردا دەڕوات نەك دیار ...وەزیفەی شیعر دەبێت کۆدی هەبێت و تووشی تێرامان و سەر ئێشەت بکات جگە لەمانە دەیان جار بیخوێنیتەوە و بگەڕێی بەدوای تاڵە داوە ئاڵۆسکاوەکانیدا نەك بەیەك جار لێی بگەی ئەو شیعرانەی کەبەیەك جار خوێندنەوە لێی بگەین ناچێتە خانەی شیعری سەردەمەوە.شیعر دەبێت فرە ڕەهەند بێت جگە لەوە لەهەمووی جوانتر دەبێت مەعریفەیەکت باتێ شت لێوەوەی فێر بیت نەك شتی سواو دووبارە بوو ...فکر و فەلسەفە هەر دووکیان دەڕۆن بۆ ماڵی شیعر قوڵتری دەکەن و تێرمانی دەدەنێ ئەمانە باگراوندەکانی شیعرن... بنەما جوانەکانی شیعر بێجگە زمانی چڕو وێنەو خەیاڵو مۆسیقا و فەنتازیا لەهەمووی جوانتر دەبێت

شیعرییەت بتاوێتەوە تیایدا ئینجا دەتوانین بڵێین ئەمە شیعری سەردەمە جارێکی تر دەڵێم مەخابن بۆ شیعری کوردی بەدەست وشەو رستە ڕیز کردنەوە بەناوی شیعارەوە تووشی بووە ئەوەندە هەیە دەڵێم ئەو بەناو شاعیرانە ئیستا شاعیرن چەپڵەیان بۆ لێ ئەدرێ بەلام ڕۆژێك دێ مێژوو ڕەحمیان پێنەکات و بیانخاتە زبڵخانەکەیەوە ...منیش لێرەوە دەڵێم شیعری کوردی ڕەوڕەوەکەی بۆ پێشەوە دەبات ئێوە خۆتان بشارنەوە شاعیری بوناو چەپڵەو شیعار!....

ڕۆژ هەڵەبجەیی